KHABAT
Daily Newspaper *Kurdistan – Iraq*
Fri,Sep. 3, 2010 No: (3567)
Concessioner: **Ali Abdulla**
Editor -in - chief: **Nazhad Aziz Surme**
http://www.xebat.net
E -mail:info@xebat.net

## پرۆفایل

## باری رۆژنامەگەری كوردی و وورووژاندنی چەند پرسیارێك

لە رۆژنامەگەری ئەمڕۆی كوردی دا- تاچەند توانیوومانە خزمەت بە باری كولتووری و رۆشنبیریی و هـزری گـەلـەكـەمـان بكەین؟ یان تاچ رادەیەك پێشكەوتنمان بەدەست هێناوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو؟ لەكاری رۆژنامەگەریدا كامانەن ئەو داهێنانەی سەریان هەڵداوە؟ یان حاڵەتی جیاوازی دروست كردووە لەدنیای رۆژنامەگەریدا؟ بەدەیان پرسیاری دیكە كە دەكرێت لەتوێی سیمینارێكی بەرفراوان دەربارەی باری ئەمڕۆی رۆژنامەگەری بەدوای وەڵامەكانیاندا بگەڕێین.... ناشێ ئەوە لەهزری خۆماندا هەڵبوێرین كە ئەم قۆناغەی باری رۆژنامەگەری كوردی لەمڕۆو ئایندەدا دەبێتە جێگەی بەدەستهێنانی چەندین بڕوانامەی بەرزی ماستەرو دكتۆرا، بەڵام تاچەند گەشبینی لەئایندەی رۆژنامەگەریدا لەو نامانەدا دەبینین؟ مەبەستم لە گەشبینی لەوەدایە ئایا رۆژنامەگەری چەند خزمەتی بزاڤی سیاسی و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و دیموكراسی گەلەكەمانی كردووە، چ رۆڵێكی بینیوە لە بەرزڕاگرتنی پرسی نەتەوەیمان، بەشكۆداركردنی كەسایەتی و هێما نەتەوەییەكانمان؟ یان پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتیمانی و پاراستنی یەكڕیزی و تەبایی و ئاشتەوایی؟ رەنگە ئەم پرسیارانە وەڵامدانەوەیان قورس بێت، بەڵام دەبێ بورووژێندرێن بۆ ئەوەی ئەگەر كەمیش بێت كارێكی وابكەین رۆژنامەگەری فەرامۆشی ئاڕاستە نەتەوەیی و نیشتیمانیەكانی خۆی نەكات.

**هێڤی حەسەن**

## چەپكێ گۆرانی نوێی ئەژدەر وەهبی بەرێوەیە

دوای ئەلبوومی (لێم ببوورە) كە رەنگدانەوەیەكی باشی لەنێو هەوادارانی ئەژدەر هەبوو، ئەژدەر وەهبی ئەلبوومێكی نوێ لە گۆرانییەكانی لەم زووانەدا بڵاودەكاتەوە كە (9) تراك لەخۆدەگرێت و سەرجەم ئاوازەكانی هی خۆیەتی... واش چاوەڕوان دەكرێت ئەژدەر یەكێ لە گۆرانییەكانی ئەو ئەلبوومە كلیپ بكات.



هونەرمەند: ڕۆستەم ئاغەلە

لە لاپەڕەی (1)ـەوە



## سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی كۆمار: هێزە ئێراقییەكان توانای پاراستنی ئاسایشیان هەیە

**ئاژانسەكان:** سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتیی كۆمار،دوێنێ پێنجشەممە، رایگەیاند هێزە ئەمنییە ئێراقییەكان توانای ئەوەیان هەیە ئاسایشی وڵات بپارێزن، ئاماژەی بەوەشدا كە هێرشەكانی ئەم دواییە بەر لە كشانەوەی هێزەكانی ئەمەریكا روویان داوە. نەسیر عانی بە ئاژانسی"ئەسوات ئەلئێراق"ی راگەیاند، "هێزە ئەمنییە ئێراقییەكان تواناو ئامادەباشیی ئەوەیان هەیە كە ئاسایشی وڵات بپارێزنو رووبەڕووی ئەو

بۆل14

## سەرۆكی سیاسەتی دەرەوەی ئەورووپا داوای هەڵوێستی نێودەوڵەتی دژ بەسزای بەردباران لەئێران دەكات.

**ئاژانسەكان:** پاش تەشەنەسەندنی حوكمی بەردبارانی ژنان لەئێران و مەحكومكردنی "سەكینە محەمەدی ئاشتیانی" بە بەردباران لەلایەن كۆماری ئیسلامی ئێرانەوەو داواكاریی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا لەوڵاتانی ئەندامی یەكێتی ئەورووپا بەمەبەستی پێشگرتن لەئێعدامی "سەكینە"، كاترین ئێشتۆن" سەرۆكی سیاسەتی دەرەوەی ئەورووپا داوای هەڵوێستی هاوبەشی یەكێتی ئەورووپا دژ بەسزای بەردبارانی كرد.

بۆل14

## مناڵێك مۆمیا دەكرێت



دوای گیان لەدەستدانی مناڵێكی تەمەن 3 ساڵی بەنەخۆشی ئەنفلەوەنزا پزیشكێكی ئیتاڵی لەشاری (بالریمو) ئەو مندالەی مۆمیا كرد و بۆتە جێگەی سەرسوڕمانی بینەرانی ئەو پەرستگایەی ئەو كیژۆڵەیەی لێ داندراوە و لە كەسێكی زیندوو دەچێت كەتازە خەوتبێ دوای تێپەڕبوونی 86 ساڵ تائێستاكەش سیمای ئەو كیژۆڵەیە نەگۆڕاوە.

## مانگی هەنگوینی بەساڵاچووەكان



رۆژنامەی (دیلی میل) بڵاوی كردەوە كە دوو بەساڵاچووی بەریتانی (ئیدنا هولنورد)ی تەمەن 95 ساڵی و دەزگیرانەكەی (دیانا)ی تەمەن 88 ساڵی بڕیاریاندا كۆتایی بەتەمەنی پایزی خۆیان بهێنن ئەوەبوو لەو رۆژانەدا زەماوەندی بەهاوسەربوونی خۆیان سازداو ئێستا لەمانگی هەنگوینین.

## وێنە

**دڵ دەناڵێ دەم بە دەم سووتاوی تاوی فیرقەتە**
**بولبولە بۆ رووی گوڵ، دڵ پڕ لە داغ و حەسرەتە**
**چاو پڕ ئاو، دڵ پڕ ئاور، دڵ بە دولبەر چاوەڕێ**
**ئەی خودا دەردی جودایی چەند گران و زەحمەتە**

**وەفایی**

ڕێكلام







OMV Petroleum Exploration GmbH

## Accountant (f/m)

**Your responsibilities:**
- Preparing and booking payments within stipulated credit periods and statutory requirements
- Monthly closing and preparation of annual statutory accounts as well as General Ledger Accounting
- Providing all necessary data for preparing the cash call
- Preparing general ledger, billing and production statements on monthly, quarterly and annual basis
- Assisting in reviewing payment terms, tax obligations and other finance related clauses and issues in contracts and tender documents
- Preparing reconciliation and clean up inventory in transit and other balance sheet and bank accounts
- Maintaining fully reconciled fixed assets as well as registering and booking of inventory movements
- Ensuring financial procedures compliance

**Your profile:**
- Relevant Bachelor's degree (e.g. in finance, accounting, etc.)
- Understanding of income tax regulations regarding withholding tax collection and reporting
- Experience with oil and gas industry relevant accounting and tax issues
- Strong communication skills and willingness to work independently and in a multiethnic environment
- Good computer literacy (MS-Office) and knowledge of accounting software
- Fluency in spoken and written English and Kurdish, knowledge of Arabic is an advantage

**Position is located in Erbil, Kurdistan Region of Iraq based on a local contract.**

**We offer you:**
- The opportunity to join an enthusiastic and international team
- An exciting and challenging environment with career growth opportunities

**Are you interested in joining us?**

Please apply online at **www.omv.com/at/jobs**
Specifying application number LO10.60
The latest date for submission is September 20, 2010.

**OMV is an equal opportunity employer!**

**Your contact:** Recruitment Section
OMV Petroleum Exploration GmbH
Gulan Street, Erbil, Kurdistan Region of Iraq.

Move & More. OMV